کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
5-1-2007 13:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کەیسی زمانی یەکگرتوو ... بەشی 2 .. کەمکردنەوەی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی سەرەتایەکە بۆ زمانی یەکگرتوو ... ئاسۆ بیارەیی

2006-11-30 سوێد

خوێندکارانی کوردستانی باشوور لە هەفتەیەکدا بۆ فیربوونی زمانی عەرەبی 5 وانە دەخوێنن، هەرچەندە هیچ خاڵێکی هاوبەش بێجگە لە ئاین، هەردوو نەتەوەی کورد عەرەب و پێکەوە کۆناکاتەوە، هەرچەندە هەردووکیان (کورد و عەرەب) لە دوو ڕەگەزی جیاوازن و لەهەمان کاتیشدا نەتەوەی سەردەست ئامادەنیە کوردی بخوێنیت، چونکە خۆی بە خاوەن بڕیار دەزانێت و فەرهەنگی خۆی لا پەسەندترە. ئەو خوێندنە لە زۆر لایەنەوە کاریگەری خۆی لە سەر لاوازکردنی کەسایەتی کوردی بە جێهێشتووە، چونکە بەدرێژایی مێژوو زمانێکی سەپێنراوە و لە گەڵ کەسایەتی و فەرهەنگی کوردیدا یەك ناگرێتەوە.



هێزە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوردی (ئاینی و زانستی) بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و پتەوکردنی پێوەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی نێوان خەڵکی زاراوەکانی کوردستان، کە پەرش و بڵاون، پێویستە لە چارەسەری بنەڕەتی بۆ دۆزینەوەی زمانی یەکگرتووی کوردی ووزەکەیان بەکاربەرن، نەک چارەسەری بێ ستروکتور و بێ بەرنامەی زانستی، گرنگە لە پێگەی تەسکی پارتایەتی و کەسایەتی خۆیانەوە مەسەلەکە هەڵنەسەگێنن.

هەوڵەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (کە هێزێکی ئاینی کوردیە) نموونەی زیندووە، کە کامپینێکی شاراوەی لە کۆمەڵێک کەسانی دەروە و ناوی کوردستان دەست پێکردووە بۆ سەپاندنی زاراوەی سۆرانی کە پیتی عەرەبی بەکار دەهێنێت، لە باشووری کوردستان. دوور نیە پارتیی ناوبراو، کۆمەڵێک ئامانجی نادیاری بۆ خەڵکی کوردستان ناوئاخنی ئەم کامپینە کردبێت، لەوانە بەستنەوەی بیر و هۆشمەندی کۆمەڵگەی کوردستان بە نەتەوەی سەردەستی عەرەبەوە لە ڕێی ڕێگەگرتن لە بە کارهێنانی پیتی لاتینی لە بەشێکی باشووری کوردستان (بادینان)، چونکە بەکارهێنانی ئەو پیتانە کاریگەری زمانی عەرەبی لە کوردستان کەم دەکاتەوە، سنووری نێوان ئەو دوو نەتەوەیە لە ڕووی زمانەوە دیاری دەکات، ئەم کارەش لە قازانجی هیزە ئیسلامیەکانی کوردستان و نەتەوەی سەردەست نیە، کە لەڕی هاندانی پارتییە ئاینیەکانەوە درێژە بە تەعریبکردنی نەتەوە موسڵمانەکانی تر دەدات، کە هەندێکیان بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، ئەم ئەرکە (تەعریبکردن) بەو پەڕی دڵسۆزیەوە جێبەجێ دەکەن

ئەگەر ئەو بۆچونە ببستینەوە بەو 5 وانە عەرەبیەی کە خوێندکارانی کورد لە باشوور کوردستان دەیخوێنن و لە مانگێکدا 20 سەعات لە کاتی خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن. دەکرا ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی کە خۆی بە هێزێکی ناسیۆنالیسی کوردی دابنایە و خەمخۆری زمانی کوردی بوایە، هەوڵی نیزیکردنەوەی زاراوەکانی کوردی لە یەکتر بدایە لە ڕێگەی کەم کردنەوەی بە کارهێنانی زمانی عەرەبی لە کوردستاندا.

ئەگەر منداڵێکی سۆرانی لە جێگەی وانەیەکی عەرەبی، وانەیەکی هەورامی بخوێنێت، چ زیانێکی لە یەکگرتنی گەلی کورد دەکەوێت، هەمان شت بۆ هەورامیەک کرمانجێک، بەڵکو ئەوە (خوێندنی زاراوەی

یەکدی) پردی لە یەک تێگەشتینێکی گیانی و کۆمەڵایەتی دورست دەکات و سەرەتایەک بۆ زمانی یەکگرتووی دەخەملێنێت. کەواتە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی عەرەبی لە باشووری کوردستان و دۆزینەوە ناسنامەیەکی زمانی کوردی یەکگرتوو سنورێکی دیار لە نێوان کورد و عەرەب وەکو دوو نەتەوەی جیا و برا دروست دەکات.